# زانكۆی بەصرە لە بەرامبەر كۆمەڵە كۆنەپەرست و تیرۆریستەكاندا دەوەستێتەوە

رۆژی سی شمە 3/15 لە گەشتێكی قوتابیانی كۆلیجی هەندەسە ، زانكۆی بەصرە، بۆ یەكێك لە پاركەكانی ناو ئەو شارە و لە كاتێكدا قوتابیان پۆل پۆل سەرگەرمی فوتبۆل و مۆسیقا و سەما دەبن،لە سێ ئوتۆمبیلدا كۆمەڵێك چەكداری سەر بە تاقمەكەی صەدر هێرشیان كردە سەر قوتابیەكان، لە ناو چەكدارەكاندا هەندێكیان دەمامكیان بەستبوو كە سەر بە جمهوری اسلامی بوون.

چەكدارەكان هەرچی مۆبایل، كامیرا، ئامێری دەنگ ی قوتابیەكان دەشكێنن، زۆر دڕندانە لێیان دەدەن و جلی كچەكان لەبەریاندا دەدرێنن بە تایبەتی كچێكی مەسیحی كە زۆر بە سەختیش لێیان دابوو. لە كاتێكدا قوتابیەك دەیەوێت بەرگری لە كچەكە بكات، گوللەیەك دەنێن بە سەریەوە و لە نەخۆشخانە دەمرێ. شایانی باسە كە لەو كاتەدا پۆلیس لە نزیك رووداوەكەوە دەبن، بەڵام هیچ كارێك ناكەن، لە دواییشدا 19 قوتابی دەفرێنن و تا شەو بە كێبڵ ئەشكەنجەیان دەدەن و بەریان دەدەن.

ئەم كارە بووە جێی نارەزایەتی قوتابیانی باقی كۆلیجەكانی زانكۆی بەصرە، لە 3/16 دا قوتابیان مانگرتنێكی كراوەیان لە ناو زانكۆ دا ڕاگەیاند و چەند دروشمی دژ بە ئیسلامی سیاسی و باندی صەدر دەوترایەوە، وە چەند دروشم و داواكاری تر وەك ( جیایی دین لە دەوڵەت،سەلماندنی ئازادی سیاسی و مەدەنی،یەكسانی نێوان ژن و پیاو، ، ،) بەرز كرانەوە. هەروەها نارەزایەتی خەڵكی ناو شاری بەصرەشی گرتەوە و بڕیاریان دا كە بە خۆپیشاندان تەرمی قوتابی یە كوژراوەكە بنێژن، ئەمەش بۆ نیشاندانی نارەزایەتی خەڵكی بەصرە بەرامبەر بەم كارە ترسنۆكانەیە و پشتیوانی لە داواكاری قوتابیان.

شایانی باسە كە باندە ئیسلامی یە چەكدارەكان كە لە ناو زانكۆدا بوون، لە ترسی توڕەیی و نارەزایەتی قوتابیان هەڵاتن و زانكۆیان بە جێهێشت.

كۆمیتەی كاری قوتابیان لە بەصرە ڕابەری ئەو مانگرتنە دەكات و چەند بەیانیان بۆ هاوپشتی لە خواستەكانی قوتابیان تا ئێستا دەركردوە.

ئەم كردەوە دڕندانەیە كە دژە بە هەموو شتێك مرۆڤانە بێت، تەنها دەتوانێ جێی بێزاری و نارەزایەتی ئێمە بێت وە كار بكەین بۆ وەستانەوە بەرامبەر پێشێل كردنی مافی قوتابیان لە هەر كۆلیج و زانكۆیەكی تری عێراق دا، بەتایبەتی لە لایەن باندە ئیسلامی و بەكرێگیراوەكانەوە.

لە لایەكی ترەوە هەواڵەكان وا ڕادەگەیەنن كە هاوڕێ یانی قوتابیمان لە زانكۆكانی هەولێر و سلێمانی،دو هەفتەیە دەستیان داوەتە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین، لە دژی ئەوەی كە بازرگانی بە زانستەوە دەكرێت و سەرمایەی تایبەت خوێندن بە ڕێوە دەبات. هێزەكانی ئاسایشی ناوچەكە بە تەقەكردن وەڵامی قوتابیەكانیان داوەتەوە.

ئێمە ڕادەگەیەنین كە( كۆمیتەی كاری قوتابیان،لقی بەغدا ) پێكهێنراو كار دەكات بۆ پەیوەست بوون و هاوپشتی لە گەڵ هاوڕێیانی قوتابیمان لە زانكۆكانی بەصرە، هەولێر، سلێمانی. بەرگری دەكەین لە مافەكانیان و بە توندی ئەو كارانە مەحكوم دەكەین كە لە دژیان كراوە.

بانگەوازی هەموو پەیمانگا، زانكۆكان و گشت بنكەكانی خوێندن لە بەغدا دەكەین بۆ هاوپشتی و هاوكاری لەگەڵ هاوڕێ قوتابیەكانیان لە هەولێر و بەصرە و سلێمانی، لە پێناو پێك هێنانی بزوتنەوەیەكی یەك پارچەو ڕێكخراو .

با ڕیزەكانمان یەكخەین لە دەوری داخوازی یە سەرەكی یەكانمان، كە ئەمانەن، ،

1– تاوانبارانی هێرشەكەی بەصرە بدرێن بە دادگایەكی ئاشكرا و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی قوتابیان.

2– بردنەدەرەوە و دورخستنەوەی هەموو دیاردەیەكی چەكدارانە لە ناو زانكۆدا.

3– جیایی دین لە دەوڵەت.

4– یەكسانی نێوان ژن و پیاو.

5– خوێندن نەدرێتە دەست سەرمایەی تایبەت و زانكۆی ( ئایندە )ی ئەهلی دابخرێ.

داوا لە جەماوەری ئازادیخواز دەكەین پشتیوانی بزووتنەوەكەمان بكەن بۆ بە دەست هێنانی داخوازیەكانمان.

كۆمیتەی كاری قوتابیان / لقی بەغدا
2005/3/17